پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خودا دەگرت لە جنۆکەکان، وچاولێدانی مرۆڤەکان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خودا دەگرت لە جنۆکەکان، وچاولێدانی مرۆڤەکان، هەتاوەکو موعەوێزەکان (سورەتی الفلق والناس) دابەزین، دەستی پێیانەوە گرت* و وازی لە هەموو شتێکی تر هێنا». *(واتا: دەیانی خوێندنەوە بۆئەوەی خودا بیپارێزێت وبۆ ڕوقیە وشتی تر)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خودا دەگرت لە شەڕی جنۆکەکان، وچاولێدانی مرۆڤە حەسوودەکان، ئەمیش لە ڕێگای خوێندنەوەی نزا وزیکرەکانەوە: ئەمیش بەوەی دەیفەرموو: (أعوذ بالله من الجان وعين الإنسان) واتە: (پەنا بە خوای گەورە دەگرن لە جنۆکەکان وچاولێدانی مرۆڤەکان)، هەتاوەکو موعەوێزەکان (سورەتی الفلق والناس) دابەزین، کاتێک ئەم دوو سورەتە دابەزین دەستی پێیانەوە گرت* بۆ پەنا گرتن بە خوای گەورە لە زۆر جاردا، و وازی لە هەموو شتێکی تر هێنا لە نزاکانی پەناگرتن وڕوقیە کردن؛ چونکە ئەم دوو سورەتە کۆی گشتی پەناگرتنی تێدایە بە خوای گەورە، وهەروەها کۆی ئەو شتانەی پەنا بە خوای گەورە دەگیرێت لە شەڕ وزیانیان تێیاندا باسکراوە. *(واتا: دەیانی خوێندنەوە بۆئەوەی خودا بیپارێزێت وبۆ ڕوقیە وشتی تر)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6184